# وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

# ڕێنمایی ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٢٢)

# تایبەت بە بەگەڕخستنەوەی کارگە لە کارکەوتووەکان

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠)ی هەمووارکراو بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١) : بەگەڕخستنەوەی کارگە**

**یەکەم:** مۆڵەتی دامەزراندن (تحت التأسیس)ی هەبێت و ئامێر و هێڵەکانی بەرهەمی لای دادنوس تۆمار کرابێت بەڵام خاوەن پرۆژە نەتوانێت کارگەکەی بخاتە گەڕ و مۆڵەتی (إكمال تأسیس) تەواو بکات ئەوا دەکرێت تا (٧٥%) پشکەکانی بفرۆشێت بە هاوبەشێک بۆ ئەوەی کارگەکەی بخاتە گەڕ یان جۆری بەرهەمەکەی بگۆڕێت بە مەرجێک ڕێکارەکانی گۆڕینی جۆری بەرهەم ئەنجام بدات وەک ئامادەکردنی کەتەلۆک و ئۆفەری تایبەت بە بەرهەم نوێیەکە کەڵکی ئابوری و هونەری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.

**دووەم:** مۆڵەتی بەرهەم (إكمال تأسیس)ی هەبێت بە هەر هۆکارێک لە کار وەستا بێت ئەوا خاوەن کارگە بۆی هەبێت کە گواستنەوەی خاوەندارێتی بۆ کارگەکەی ئەنجام بدات بە مەرجێک خاوەنی نوێ کارگەکە بخاتە گەڕ یان جۆری بەرهەمەکەی بگۆڕێت بە پێی ڕێکارەکانی گۆڕینی جۆری بەرهەم بە پێچەوانەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و زەویەکەی لێ دەسەنرێتەوە.

**ماددەی (٢): گواستنەوە خاوەندارێتی کارگە**

**یەکەم:**خاوەنی نوێ پەیوەستنامەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ئەنجام بدات و پابەند بکریت کە لە ماوەی (١) ساڵ لە بەرواری دەرچوونی فەرمانی کارگێڕی گواستنەوەی خاوەندارێتی یان ڕەزامەندی گۆڕینی جۆری بەرهەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی کارگەکەی بخاتە گەڕ یان جۆری بەرهەمەکەی

بگۆڕێت پێویستە بەرهەمە نوێیەکە دەست نیشان بکات و ئۆفەر و کەتەلۆک و کەڵکی ئابوری و هونەری تایبەت بە بەرهەمە نوێکەی ئامادە بکات.

**دووەم:** گرێبەستی زەوی لەگەڵ خاوەن موڵک هەبوو جگە لە کەرتی گشتی ، گواستنەوەی خاوەندارێتیان بۆ دەکرێت بە مەرجێک خاوەنی نوێ گرێبەستی زەوییەکەی لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت ، ڕەزامەندی لایەنی پەیوەنداری هەبێت و لە باجی دەرامەت تۆمارکرابێت.

**سێیەم:** لە سەرجەم بارەکانی گواستنەوەی خاوەندارێتی پێویستە زەوی بخرێتە سەر ناوی خاوەن پشکەکان هاوشێوەی قەواڵەی وازهێنان (سند تنازل).

**چوارەم:** لە دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە گواستنەوەی خاوەندارێتی بۆ یەک جار دەکرێت لە ماوەی سێ ساڵدا لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی گواستنەوەی خاوەنداریەتی و پێویستە لە فەرمانەکەشدا ئاماژە بەم خاڵە بدرێت.

**ماددەی(٣):**

**یەکەم:** لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان تا (٦) شەش مانگ پێویستە خاوەن کارگە داواکاری پێشکەش بکات بۆ بابەتەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە لە بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پارێزگاکان یاخود ئیدارە سەربەخۆکان بە پێچەوانەوە ئەم ڕێنماییە نایگرێتەوە.

**دووەم:** خاوەن کارگە دەبێت لە ماوەی (٦) شەش مانگدا کارەکانی کە لەم ڕێنماییە هاتووە تەواو بکات کە ئەم ماوەیەش لە ڕێکەوتی هاتووی داواکاری خاوەن کارگە یان بریکارەکەی ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو نەیتوانی لەو ماوەیەدا کارەکانی تەواو بکات و دەرکەوت کە هۆکارەکەی لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆی بووە ئەوا بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی دەسەڵاتی هەیە ماوەی (٣) سێ مانگی بۆ درێژ بکاتەوە.

ماددەی (٤):

ئەو ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان و کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە برگە و ماددەکانی پێچەوانەی ئەم ڕێنماییەبن.

**کمال مسلم**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

## هۆكاری دەرچوون

بە هـۆی ئەو قەیرانـانەی کە لە دوای سـاڵی ( ٢٠١٤)ەوە لە هەرێمـی کوردسـتان دروسـت بـوون هەر لە بڕینـی بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدڕاڵ و شـەڕی تێرۆرسـتانی داعـش و هـاتنی پەتـای کورۆنـا کـاریگەری خراپی هەبوو لەسەر کۆی سێکتەرەکان بە تایبەت کارگەکان کە بووە هۆی داخستنی هەندێکیان. کە هەندێ لە هۆکارەکان ئاسانکاری کـردنە لە ڕووی کـارگێری و یاسـاییەوە لە پینـاو هاوکـاری کردنـی خـاوەن کارگەکـان بـۆ بەگەڕ خستنەوەی کارگەکانیان لەبەر ئەوە ئەم ڕێنمایەمان دەرکرد .